عەبدولواحید جەخت لە مەترسی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی کوردستان دەکات

سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، شاسوار عەبدولواحید لە تویتێکدا ئەمڕۆ چوارشەممە (2023/8/30)، جەختی کردەوە ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدرێت ئەوە قەوارەی هەرێم ڕووبەڕووی مەترسی هەڵوەشاندنەوە دەبێت، لە دەقی پەیامەکەیدا شاسوار عەبدولواحید ڕایگەیاند: ”ئەگەر هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدرێت، لەوانەیە قەوارەی هەرێمی کوردستان بخرێتە مەترسییەوە، هەروەها لەوانەیە بەغدا بڕیار بدات لە ساڵی داهاتوودا لەگەڵ مەسرور بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە نەکات“.